
# پیرانشار

کۆکردنەوە : مەنسوور تەها







شارستانی پیرانشار، یەکێک لە شارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پارێزگای ورمێ هەڵکەوتووە. ناوەندی ئەم شارستانە، شاری پیرانشارە.

شارستانی پیرانشار بە رووبەری ۲٤۰۲ کیلۆمیتری چوارگۆشە کەوتۆتە ٤٥ دەرەجە و ۸ خولەکی درێژایی ڕۆژهەڵات و ۳٦ دەرەجە و ٤۲ خولەکی پانایی باکوور لە نێوان بەشێک لە زنجیرەکێوەکانی زاگرۆس. بەرزایی لە رێکی دەریاوە ۱۸٤۰ میترە و مامناوەندی بارینی ساڵانەی ۳٥۲ میلیلیترە. نێوانی پلەی گەرمای ۳٥-٤ دەرەجە و پلەی تەڕایی ٥۱% راگەیێندراوە.

دراوسێیەکان: لە باکووری رۆژاوا لەگەڵ شاری شنۆ بە ٤۷ کیلۆمیتر، لە باکوور شاری نەغەدە بە ٤۷ کیلۆمیتر، لە باکووری ڕۆژهەڵات شاری مهاباد بە ۷٥ کیلۆمیتر، لە باشوور شاری سەردەشت بە ۹٥ کیلۆمیتر و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ باکوری کوردستان  هاوسنورە. مەودای ئەو شارە لەگەڵ ناوەندی پارێزگا (شاری ورمێ) ۱۲۰ کیلۆمیتر.

شارستانی پیرانشار لە ناوچەیێکی کوێستانیدا هەڵکەوتووە و هەرچەندی بۆ لای رۆژاواوە برۆین بڵندایی زیاتر دەبێت. کێوەکانی قەندیل (۳٥۷۸ میتر)، حاجی برایم (۳٥٥۰ میتر)، سوورەداڵ (۳٥۰۳ میتر)، چل بزنە (۳۲۲٦ میتر)، لە بەرزترین چیاکانی ئەو شارستانەن.

لە کوێستانەکانی پیرانشارەوە چۆمی هەمیشەیی و پڕ ئاو سەرچاوە دەگرن و چۆمەکانی سێلوێ، لاوێن، بادیناوێ و گەدە تێکەڵاو دەبن و چۆمی بە ناوبانگی زێ سازدەکەن کە دوای تێپەڕبوون بە ناوچەی سەردەشتدا، دەچێتە ناوب باکووری کوردستای و دەڕژێتە ناو بەنداوی دوکان .

## چنینەی شار و گەڕەکەکان

لە روانگەی خانوو و بیناوە شار پێکهاتووە لە دوو چینی کۆن و نوێ. چینی کۆن کەوتۆتە لای دامێنی کێو و زیاتری ماڵەکان بە خشتی کاڵ و سواغ سازکراون و چینی نوێ لە لای دەشتەوە هەڵکەوتووە و بە کەلوپەلی ئەوڕۆیی سازکراون. دوو گەڕەکی کۆنەخانێ و زەرگەتەن کە لە گەڕەکە کۆنەکانی پیرانشارن، سەردەمێک دوو گوند بوون.

گەڕەکەکان: خەیام، کۆنەخانێ، هەوراز، باڵاشار، کاسەکەران، قەپان، دۆڵی قیزقەپان، دۆڵی گراو، زەرگەتەن، جامیعای نوختەیA قەدیم، نوختەیB ، نوختەی C ، ئازادی، شارەداری، قودس، ئازادەگان، ئیسارگەران، شارەکی مەنگوڕ، نوختەی فەرهەنگیانی ١ و ٢ و ٣ و ٤، پاداش، هەواشناسی، هێمن، هەژار، نالی، جێژنی، تەهازادە.

## چنینەی دانیشتووان

ژماری دانیشتووان: ژماری بنەماڵە و دانیشتوانی شارستانی پیرانشار بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی: ٢٠٦١٧ بنەماڵە ، ١٠٧٦٧٧ کەس دانیشتوو کە لەوان ٥٣٢٧٤ کەس ژن و ٥٤٤٠٣ کەس پیاون. ژماری خوێندەوار : ژن ٢٧٥١٦ و پیاو ٣٧٩٣٩ نەخوێندەوار : ژن ١٩١٠٧ و پیاو ٩٣٤٣ . دانیشتوانی شار: ٥٧٦٩٢ کەسە.

## ژماری دانیشتووانی گوندە گەورەکان

پەسوێ: ٩٧٧٢ ، شیناوێ: ٩٠٨٢ ، دربکە: ٤٩٣١ ، جەڵدیان: ٤٤٦١ ، گردکشانە: ٣١٦١ ، زێوە: ٢٨١١ ، سەروکانێ: ٢٥٠١ کەس.

زمان: زمانی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە زۆرتر کوردی بە زاراوەی سۆرانی بن زاراوەی موکریانییە. تاق تاق زمانی تورکیشی تێدایە.

داب و نەریت: لێرەدا زۆرتر باسی هێندێک لە دابەکان کە گرینگی مێژوویان هەیە، دەکەین. چونکە دابە - سەرەکییەکانی گەلان، پەیوەستە بە بیر و هەستی ئەندامەکانی، بە شێوەیێک کە سەرچاوەکانی لە ناخی رۆحی تورەمەکاندایە و لە تێپەڕی ساڵانی زۆردا، گرینگترین هۆی یەکگرتوویی بیر و رۆح لەناو توێژەکانی جۆراجۆری خەڵکی وڵاتیکە. لەو ناوچەیەدا ژیانی عاشیرەتی و چادر بڵاو بۆتەوە و خەڵکی شارەکان و گوندەکان تێکەڵاویان هەیە و بە هۆی کاریگەری لەسەر یەکتر، تایبەتمەندی عێلایەتییان لە دەست داوە، سەرەڕای ئەوە هێشتا زۆربەی داب و نەریت و جلک و کەلتووری خۆیان پاراستووە لە پیرانشاردا وەک هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان ، رێز لە دەسپێکی سەری ساڵ و رۆژی نەورۆز دادەنرێت.. رۆژی کۆتایی جەژنی نەورۆز، واتا سێزدەی خاکەلێوە، بە رۆژی سروشت و سێزدەبەدەر ناسراوە و خەڵک بە گشتی لە شار دەچنەدەر و رۆو دەکەنە کێو و سەیرانگەکان. جەژنەکانی دیکە

سەرچاوەی لە بڕوای ئایینی خەڵک گرتووە وەک جەژنەکانی قوربان، بەرات، رەمەزان و مەولوود. لەو جەژنانەدا خەڵک بە دەبەرکردنی جلکی نوێ و جوان بە خۆشی دەچنە سەردانی یەکتر و جەژنە پیرۆزە لە یەکتر دەکەن.

جۆری جلکەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە وەک ناوچەکانی تری موکریانە. پیاوان ‹کەوا و پاتۆڵ› دەبەر دەکەن و ‹پشتێند› لە ناوقەدیان دەبەستن و بەساڵداچووان ‹جەمەدانی›ش لەسەر دەنێن. ژنان کراسێکی سەرتاپێ دەبەردەکەن کە لە ناوقەدیڕا گنجی هەیە و پشتێند لە ناوقەدیان دەبەستن. لەبن کراسیش ئاواڵکراس (دەرپێ) دەپێ دەکەن و ‹سیخمە› یان ‹کولێجە› لەسەر کراس دەبەر دەکەن و لێچکە لەسەر دەنێن و دەسماڵ بە شان دادەدەن.

دابێکی دیکە زەماوەندە کە لە پیرانشاردا زۆرتر لە وەرزەکانی پاییز و بەهاردا بەڕێوە دەچێت. پاش پەسند کردنی یەکتر لە لایەن کور و کچ، بنەماڵەی کوڕ دەچنە خوازبێنی کچ و ئەگەر پێک هاتن قسە لەسەر مارەیی و جەیاز و کڕین و جلک دەکەن و رێکەوتی زەماوەند دیاری دەکەن. پاش مارەکردن، نۆرەی گواستنەوەیە کە بە رێوڕەسمێکی تایبەت بەجێدێت. لە زەماوەندا هەر یەک لە بنەماڵەکانی بووک و زاوا بە جیا لە خزمان و دۆستانی خۆیان دەگێڕنەوە و جەمێک یان دوو جەم دەدەن. یەکێک لە دابەکانی زەماوەند هەڵپەڕکێیە کە کچان و کوڕان دەستی یەک دەگرن و هاوکات لەگەڵ گۆرانی هەڵدەپەڕن.

لە دابەکانی دیکە کە زۆرتر پێشاندەری هەستی هاوکاری و هاودڵیی خەڵکی ناوچەیە، دەتوانین ئاماژە بکەین بە: ‹دەستەوا، دەستەوام، گەلەکۆمەکی› لە کاروباری وەرزێڕیدا وەک دەسکەنەوە دروێنە ، رێوڕەسمی سەرەخۆشی و..

## هۆزەکان

مامەش: لە بەشی کوێستانی و ئاو و هەوای خۆشی نێوان مەهاباد، نەغەدە و پیرانشاردا دەژین. پێشینەیێک زۆر کۆنیان هەیە و لە هۆزەکانی بەهێزی ناوچەن و لە باکووری پیرانشار و لە دەشتی لاجاندا نیشتەجێن. لەگەڵ مەنگوڕ و پیران و دێبۆکری دراوسێن. داب و نەریتیان وەک خەڵکی دیکەی ناوچەیە و زۆرتر وەرزێڕ و ئاژەڵدارن.

پیران: ئەو هۆزە لە ساڵی ١٢٨٠ی هەتاویدا هاتنە ناوچە و لە باشوور و رۆژاوای شاردا نیشتەجێن و لەگەل مەنگوڕ و مامەش و دێبۆکری پێوەندی راستەوخۆیان هەیە. ناوی پیرانشار وەرگیراو لە ناوی ئەو هۆزەیە. زۆرتر وەرزێڕن بەڵام ئاژەڵداریش دەکەن. تایبەتمەندییەکانیان وەک هۆزی مامەشە.

مەنگوڕ: لە هۆزەکانی بە پێشینەی زۆر کۆنی ناوچەیە. لە گوندەکانی نێوان دۆڵ و چۆمی بادیناوێ هەتا دەشتی وەزنێ نیشتەجێن. شەش تایفەی سەرەکیان هەیە: ئامان، شەم، زێرن، خدر، مرۆت، زێن. زۆرتر ئاژەڵدارن و وەرزێریش دەکەن. تایبەتمەندییەکانیان وەک هۆزەکانی دیکەی ناوچەیە.

سەیرانگە و بینا مێژووییەکان

## سروشت

شارستانی پیرانشار سروشتێکی سەرسەوز، چۆمەکانی پڕ ئاو و هەمیشەیی، لێرەواری کوێستانی، کێوەکانی بەرز و پڕ بەفر، بازاڕچەی سەر سنوور، گوندەکانی سرنج ڕاکێش و شوێنەواری مێژوویی و جوانی هەیە و بۆ گەڕان و سەیران خاوەنی جێگای خۆش و سەیرانگەی جۆراوجۆرە. ساڵانە لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا گەشتیاران بۆ دیتنی سروشتی جوان و سەرسەوزی ئەو ناوچەیە دێن و لە هەموو وەرزەکانیشدا بۆ سەردانی بازاڕچەکان و کڕینی کەلوپەلی پێویست دێنە ناو شاری پیرانشار.

هەروەها سنووری فەرمی حاجی ئۆمەران کە لە نێوان باکوری  کوردستانی و پیرانشاردایە شوێنی ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی جۆراوجۆر لە نێوان دوو لای سنورە و شوێنێکی گرینگە بۆ بازرگانان. ناوچەی پیرانشار بە هەبوونی سروشتێکی سەوز و دانیشتووانی خوێن گەرم و میوان دۆست و بازاڕچەی سنوری وەک نەقیمەیێک لەسەر ئەنگوستیلەی پارێزگادا دەدرەوشێ.

لە گرینگترین شوێنەکانی سروشتی و سەیرانگەکان دەتوانیین ئەوانە ناو ببەین:

ئاوهەڵدێری خەرپاپ: کێو و دۆڵەکان و لێرەوار و چۆمەکانی ناوچەی پیرانشار دەستیان وەیەک داوە هەتا بە کێشانەوەی تابلۆگەلێکی جوان و بێوێنە لە سروشت، سەرنجی هەر بینەر و ڕێبوارێک ڕاکێشن. یەکێک لەو دیمەنە جوانانە ئاوهەڵدێری خۆڕێن و پڕ ئاوی خەرپایە کە لەناو لێرەوارە سەرسەوزەکانی پردانانّدایە.

سەیرانگەی پردانان: لێرەوارەکانی سەرسەوز و خۆش ئاو هەوای پردانان لە ٢٢ کیلۆمیتری باشووری پیرانشار و لەسەر ڕێگای پیرانشار بۆ سەردەشتدا هەڵکەوتوون و چۆمی پڕ ئاو و خوڕێنی پردانان کە یەکێک لە سەرچاوەکانی چۆمی زێی چووکەیە، جوانییەکەی دووهێندە کردووە. ئەو لێرەوارانە کە هەتا بەفرە هەمیشەییەکانی سنووری نێوان .ئێران و کوردستانی عێراقدا درێژەیان هەیە، سەرنجی هەر گەشتیارێکی بۆ خۆ ڕادەکێشن

قەندیلی سەبەرز : ئەوکێوە بەرز و پڕ بەفرە هەموو ساڵی لە وەرزەکانی بەهار و هاویندا گەشتیاران و شاخەوانان و وەرزشوانان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.

سروشتی سەوز و فێنک: ناوچەکانی وەک دۆڵەنێ، بادیناوێ، حاجی برایم، ئاوخواردە، دەڵاوان، قەڵاتی شای، کانێ زەرد، زێوکە و ...ساڵانە دەکەوێتە ژێر پێی دۆستان سروشت و شاخەوانان.

شاخە بەردینەکانی خورینج: زۆربەی گوندەکانی پیرانشار سروشتێکی بێ وێنە و جوانیان هەیە و بوونەتە سەیرانگە. یەکێک لەوان، وڵاتی بەردە سێحراوی و جۆراوجۆرەکانی خورینجە کە کەوتۆتە ٢٠ کیلۆمیتری باکووری رۆژهەڵاتی پیرانشار و لەسەر رێگای پیرانشار بۆ مەهاباددایە. لە قەراغ ئەو گوندە، تەپۆڵکەگەلێکی داپۆشراو بە گابەرد هەیە کە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر لەسەریەک دانراون، بە جۆرێک کە سەرنجی هەر رێبوارێک بۆ لای خۆ رادەکێشن و دەڵێی دەستی بەتوانای وەستایێک ئەو بەردانەی ئاوا جوان و رێکـوپێک تاشیوە هەتا پەیکەری جۆراوجۆری لێ سازبکات.

جگە لە وانە قەراخ چۆمەکانی زێ و بادیناوێ و لاوێن، لێرەوارەکان، کێوەکانی وەک قەندیل و لەندی شێخان، گەڵی حاجی برایم و دۆڵەنێ و ئاوخواردە لە گرینگـترین سەیرانگەکانی سروشتی پیرانشارن. بازاڕچەکانی ناوشار بۆ کەلوپەلی ناوماڵ، دەنگ و رەنگ، جلکی دەرەکی و کەرەسەی رازاندنەوە بە نرخی هەرزان هەموو رۆژێ خانەخوێی موسافیران و کڕیارانێکە کە لە تەواوی ناوچەکانی ئێرانڕا دێن.

شوێنە مێژووییەکان: لە ناوچەی پیرانشاردا ١١٣ تەپۆڵکەی مێژوویی لە لایەن کارناسانی نوێنەرایەتی میراتی کولتووری ئەو شارستانە ناسراوە و تۆمار کراوە کە پێشاندەری مێژوویی بوونی ناوچە و پێکهاتن و لەئارادابوونی شارستانیەتگەلێکی بەهێز و پڕشنگـدارە وەک شارستانیەتی ماننایی، پارسوایی، ئۆرارتۆ، ماد، زاموا و ئیسلام. لەوناوەدا هێندێک تەپۆڵکە هەن کە بە هەبوونی شوێنەواری مێژوویی زۆر دەبنە جێگای سەردانی لایەنگرانی مێژوو و کولتووری ئەو ناوچەیە کە دەتوانین ئەوانە ناو ببەین: قەڵای شیناوێ ( (هەزارەی یەکەمی پێش زایین)، قەڵاتی موتاوێ ( (٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین)، قەڵاتی شای ( (١٥٠٠ هەتا ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین)، قەڵای جەڵدیان ( (٥٠٠٠ هەتا ٥٥٠٠ ساڵ پێش زایین)، قەڵای پەسوێ ( (پێش مێژوو)، بەردەنوسی بەردەمافوورە ( (گوندی لکبن)، داشان قەڵا ( ( ٢٠٠٠ هەتا ٣٥٠٠ ساڵ پێش زایین)، تەپکی گرداشەوان و گۆڕستانی زەرگەتەن. دیارە شوێنی مێژوویی زۆر لەو ناوچەیەدا هەن بەڵام بە هۆی کار لەسەر نەکردن بێ ناو ماون و نەناسراون.

## ناوەندەکانی کەلتوور ئەدەب و هونەر

پەڕتووکـخانەی شارەداری لە پارکی خەیام، پەڕتووکـخانە و ناوەندی فەرهەنگی و هونەری ئێرشاد لە شەقامی سەعدی، زانستگەکان: زانستگەی پەیامی نوور و زانستگەی ئازادی ئیسلامی، ناوەندی بارهێنانی بیری منداڵان و لاوان لە شەقامی بەهەشتی، ئەنجومەنی ئەدەبی چرا لە هیلالی ئەحمەر.

## بارودۆخی ئابووری :

بازاڕچەی سەر سنوری پیرانشار بە مەودای ٥ کیلۆمیتر لە شار کەوتۆتە سەر سنوری نێوان ئێران و کوردستانی عێراق و بە بازاڕچە حاجی ئۆمەران و بازاڕچەی تەمەرچیان ناسراوە. ناردن و هێنانی کەلوپەل لە رێگای ئەو بازاڕچەیە وەکوو یەکێک لە گەورەترین سەرچاوەکانی داهاتی شارستان و پارێزگایە.

سەنعەت: سەرەڕای ئەوەیکە ئەو ناوچەیە بە هۆی سروشتی دەسکاری نەکراو توانای هەبوونی هەموو جۆرە سەنعەتێکی هەیە بەڵام لەو بوارەدا کارێکی ئەوتۆ نەکراوە. کارخانەیێکی قەندی هەیە کە لە ٥ کیلۆمیتری شار و لەسەر رێگای پیرانشار- نەغەدە و لە گوندی رزگاریدایە. ئەو کارخانەیە بە راسپاردەی وەزارەتی سەنعەتی ئەودەم لە لایەن کومپانیایەکی بلژیکی دامەزرا و تا ئیستا هەر بەربلاوتر و گەورەتر بووە و رۆژانە ٢٥٠٠ تۆن چەوەندەر وەردەگرێت و ساڵانە ٣٠ میلیۆن کیلۆ شەکر و ٣ میلیۆن لیتر ئاڵکۆلی پزیشکی و ١٥ میلیۆن کیلۆ تڵتەی ئیشک دەداتەدەر. ئەو کارخانەیە بە وەرگرتنی ٣٦٥ هەزار تۆن چەوەندەر لە ساڵدا، پلەی دووهەمی وەرگرتنی چەوەندەری لە ئێراندا وەدەست هێناوە.

هێندێک کارگەی چووکتریش لە شاردا هەن وەک کارگەی سازکردنی کەلوپەلی درویّنە و وەرزێری، لایلۆن و کەرەسەی نان کردن، ئاشی ئاردی، ئاشی خیز. هەروەها لە شارەکی سەنعەتی کە کەوتۆتە ٢ کیلۆمیتری شار و بەرانبەر بە پادگانی پیرانشار، کارگەی جۆراوجۆر هەن وەک کارگەی بەرهەم هێنانی خۆراکی ئاژەڵ و باڵندە، قەند سازکردن، مزاویک سازکردن، تراشکاری، ساردخانە، شیر پاستۆریزە و ... بە شێوەیێکی بڵاویش لەناو شاردا چنینی فەرش، بەڕە، چارشێو، بەرماڵ، کەژوو، سەوەتە و کورتان هەیە.

کانگە: بە وەبەرچاوگرتنی سروشتی دەست وێنەکەوتووی پیرانشار و کوێستانی بوونی ناوچە و رۆڵی کێوەکان لە سازدانی بەرد، پیرانشار خاوەنی کانگاگەلی دەوڵەمەندی بەردە. زیاتر لە ٨٠%ی کانگەکانی پارێزگای ئازربایجانی رۆژاوا لە پیرانشارن. ئەو شارستانە بە هەبوونی ٦٥ کانی ‹گرانیت› و بەرهەم هێنانی ساڵانە ٣٠٠هەزار تۆن بەردی گرانیت یەکێکە لە ناوچە گرینگەکانی ئێران بۆ دەرهێنانی بەردی گرانیت. زۆرتری بەردەکانی بۆ جوانکاری خانوو کە لە پیرانشاردا هەن گرانیتی رەنگی بە تایبەت گرانیتی سەوزە کە لە جیهاندا ناوبانگی هەیە. جگە لە گرانیت، کانگەی بەردی ‹مەڕمەڕ›یش لە پیرانشاردا زۆرن.

وەرزێری: زەوی شیاوی چاندن، دەشتی پان و بەرین، ئاوی زۆر و بەپێز بوونی زەوی بوونەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی ناوچە خەریکی وەرزێری بن. ئاوی پێویست بۆ وەرزێری لە کانیاو و چۆم و چاڵ وەدەست دێت. بەرهەمەکانی وەرزێری پیرانشار ئەوانەن: گەنم، جۆ، چەوەندەر، نۆک، گوڵەبەڕۆژە، گوڵەگەنم و بەرهەمی باغی وەک گوێز، سێو، قەیسی، خۆخ، توو، ترێ و ... لە کاری وەرزێریدا زۆرتر لە کەلوپەلی وەرزێری کەڵک وەردەگیرێت. داهاتی باشی وەرزێری بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربە خەڵکی ناوچە وەرزێری بە پیشەی سەرەکی یان دووهەمی خۆیان هەڵبژێرن.

ئاژەڵداری: لە گوندەکاندا ئاژەڵداری باوە و هێندێک هەر بەشی پێویستی خۆیان هەیە و هێندێکیش بە شێوەی بەربڵاو ئاژەڵداری دەکەن. ئەوانە لە وەرزەکانی بەهار و هاوینْدا دەچنە هەوارگەکان. هەروەها چەند ناوەندی بەخێوکردنی ئاژەڵ بە شێوەی سەنعەتیش هەن. چەند جووجەخانەش کاری بەخێو کردنی مریشک دەکەن.

بارودۆخی پێوەندی: پیرانشار لە لای ڕۆژاواوە لەگەڵ باشووری کوردستان هاسنورە و لە بازرگانی و هێنان و ناردنی کەلوپەل لە باشووری کوردستانەوە لەگەڵ ڕۆڵی تایبەتی هەیە. جگە لە بازاڕچەی فەرمی تەمەرچیان، لە ڕێگاگەلێکی نایاساییشەوە بە شێوەی قاچاخ کەلو پەل دین و دەچن. لەئارادا بوونی بازاڕچەگەلی زۆری فرۆشتنی کەلوپەلی دەرەکی لەناو شاردا بۆتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی مسافیران و بە دوای وی‌دا سازدانی دەرفەتی پیشەی زۆرتر بۆ خەڵک و هاتن و نیشتەجێ بوونی خەڵکی شارەکانی‌تر لە پیرانشاردا.

بارودۆخی ئابووری: بە هۆی هەبوونی کانگەگەلێکی زۆر بۆ بەرەم هێنانی بەرد و زەوی پاراو و بەپێز و هەروەها نزیکی بە سنور و بازرگانی دەرەکی، دەرفەتی کار و پیشە لە پیرانشار دا زۆر بووە کە لە پەرەساندنی فیزیکی و چۆنیەتی شار و باش کردنی بارودۆخی بژیوی خەڵک کاریگەری زۆری داناوە.

دابەشی ناوچەی پیرانشار بە پێی دوایین سەرژمێرییەکان

لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۳۸ی هەتاوی‌دا ناوچەکانی پیران و لاجان و مامەش لە مەڵبەندی مەهاباد جیا بوونەوە و بە ناوی مەڵبەندی خانێ درانە بە نەغەدە و گوندی خانێ بوو بە ناوەندی مەڵبەند. لە ساڵی ۱۳٤۷دا خانێ بوو بە شار و بە هۆی نیشتەجێ بوونی هۆزی پیران، ناوی گۆڕا بە پیرانشار و لە ساڵی ۱۳٤۸دا بوو بە شارستان.

لە دوایین سەرژمێر لە ساڵی ۱۳۸٥دا بەشەکانی پیرانشار بەو جۆرە ناسێندران:

مەڵبەندەکان: مەڵبەندی ناوەندی، مەڵبەندی لاجان

شارەکان: شاری پیرانشار، شاری گردکشانە

ناوچەکان:

ناوچەکانی مەڵبەندی ناوەندی: ناوچەی پیران، ناوچەی مەنگوڕی ڕۆژاوا، ناوچەی لاجان

ناوچەکانی مەڵبەندی لاجان: ناوچەی لاجانی ڕۆژهەڵات، ناوچەی لاجانی ڕۆژاوا

گوندەکانی سەر بەو ناوچانە بریتین لە:

ناوچەی پیران، ناوەند: چیانە، پێکهاتووە لە ٢٩ گوند: دەڵاوان، کەڵەکین، بندڕێ، سەلکاوێ، قیزقەپان، قەمتەرێ، هەبڵەس، وەتماناوێ، شیناوێ، زێدان، سێگرکان، برایماوێ، جەڕان، ئێمنابات، قەڵات، خواجاڵی، چیانە، سۆغالوێ، کاسورەدێ، تەمەرچیان، گوڵاوێ، زێوە، کۆنەلاجان، گەزگەسک، دێڵزێ، قەڵاتەڕەشێ، گردیمخانێ، نەمنجێ، بادیناوێ.


ناوچەی مەنگوڕی ڕۆژاوا، ناوەند: کەوپەڕ، پێکهاتووە لە ٥٠ گوند: بادیناوێی مەنگوڕان، گردڕەحمەت، بێکۆس، کانێ ئەشکەوت، گردشەیتان، کانێ سێو، گرباساک، خڕێ ئاغەڵان، ئاوخواردە، کەوپەڕ، شارۆچکەی کەوپەڕ، ترکەشی شێخی، ترکەشی خوارێ، ترکەشی سەرێ، تازە قەڵا، گەزگەسک، قەبری وسێن، پردانان، خڕێ چەوەندەران، کانێ شینکە، دووچۆمان، قوبادبەگیان، باوەلێی سەیدی، باوەلێی خوارێ، باوەلێی سەرێ، هەنگەوێ، شەختان، گردەشینان، سەرتێز، کەرمندار، باستامبەگ، گرنەڵێن، کونەکێچ، مام هەیبە، شەکراوێ، بەردەکوڕە، دەشتێ گەنمان، بەدراوێ، بازرگان، قەڵاتێ مەنگوڕان، شاڵیاوێ، وەرمیشان، سەڵۆس، گولەک، سوێستان، زەویێ قوڕێ، حوجران، خدرجەبان، پانەسەر، شارستێن.

ناوچەی لاجان، ناوەند: دربکە، پێکهاتووە لە ١٨ گوند: بەردەقەل، شنۆزەنگ، زەنگیاوێ، دربکە، کەندەقووڵانی خوارێ، کەندەقووڵانی سەرێ، خڕێ بەرداشان، گەنەدار، گەپڵەسەن، بەرکەمران، خراپە، زینوینجیان، گردەگۆران، لاوێن، گرداشەوان، رکاوێ، کاسەکەران، بەردەڕەشان.

ناوچەی لاجانی ڕۆژهەڵات، ناوەند: پەسوێ، پێکهاتووە لە ٥٤ گوند: توانێ، سەروکانێ، ئەندێزێ، کێلێ، بەلەبان، کوندرێ، گردکسپیان، پەسوێ، سەرینچاوێ، هەبڵەس، تۆبزاوێ، کانێ ئەشکەوتێ مامەشان، خورینج، کێلەسپیان، گردەبن، سنجەڵێ، گرداسێ، دایە شێخی، شێلمجاڕان، قوڕوچاوێ، قەرەخدر، توژەڵێ، گەنەدارێ مەنگوڕان، میشەدێی خوارێ، میشەدێی سەرێ، دۆڵێ گوێزان، کانێ نۆبەتیان، سێوێ گەدەی خوارێ، سێوێ گەدەی سەرێ، کانێ کیسەڵان، ئۆغەن، گردی مرادبەگی، کانێ خەلیلان، یاقوش، کانێ کلێ، کانێ مەلا، کانێ بداغ، گەرگوولی خوارێ، گەرگوولی سەرێ، حاجی غەڵدە، لکبن، ئەحمەد غەریب، کێلێ سەرشاخان، بابەکراوێ، شێوەبرسێ، بازارگە، دێلکە، هەوشینان، کوورە، کانێ باغ، کەڵەکوکەی خوارێ، کەڵەکوکەی سەرێ، سەیداوێ

ناوچەی لاجانی ڕۆژاوا، ناوەند: سێڵوێ، پێکهاتووە لە ١٤ گوند: رزگاری (کارخانە)، هەوارەبی، خاڵدار، پیرەکانی، سێڵوێ، هەمزاوای خوارێ، هەمزاوای سەرێ، ماشکان، زێوکە، گردی کاولان، گردەسوور، قوبە، کولیچ، جەڵدیان.

## وێنەکان


خورینج


قەندیل


دۆڵەنێ




ئاوهەڵدێری خەڕاپ